# مۆنیتۆرێکی نوێی سەرمێز

کۆمپانیای DoubleSight Displays مۆنیتۆرێکی نوێ و هۆشـــمەندی بەرهەم هێنـــاوە کە بە مۆنیتۆری Smart USB ناســراوە. ئەو مۆنیتۆرە نوێیە باشترین ئامرازە بۆ بردنە سەری کارایی بەکارهێنەران، چونکە تواناکانی لە مۆنیتۆرێکی ئاســایی زیاترن.




مۆنیتۆرە نوێیەکە سیستەمێکی تێدایە کە دەتوانێ لە یەك کاتــدا لەگــەڵ چەندین مۆنیتۆر پێوەنــدی هەبێ و لەگــەڵ ئەوان دیمەنەکانی سەر کۆمپیوتەر نیشان بــدات. لەگەڵ ئەوەشــدا کێشــەکەی کەمە و دەکرێ بەشــێوەی ســتوونی و ئاسۆیی لەسەر مێز دابندرێ.

# پرۆگرامی BB FlashBack تایبەت به دروستکردنی پرۆگرامی فێرکاری

فێربوونی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر، یان لە رێگەی کتێبەوەیە یان لە رێگەی بەشداری کردن لە خولی فێربوونە، جگە لەو دوو شێوازە باشترین شێوازی فێربوونی پرۆگرامەکان CDی فێرکارییە.

ئێــوە گەلێك CD فێرکاریتان دیوە کە بە وردییەوە پرۆگرامێکتان فێر دەکات. رەنگە ئێوەش لەو کەسە شارەزایانە بن کە بەسەر چەندین پرۆگرامدا شارەزان و نیازتانە ئەوەی دەیزانن بیکەنە پرۆگرامێك و لە CDیەکدا بڵاوی بکەنەوە. گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکیان دروستکردنی CD فێرکارییە، یەکێك لەو پرۆگرامە بەســوودانە، پرۆگرامی BB FlashBackیە. ئەو پرۆگرامە ئەرکی ئەوەیە کە لە دیسکتۆپەکەی ئێوە فیلم هەڵبگرێتەوە و واتە هەر کردارێك ئەنجامی بدەن ئەو فیلمی لێهەڵبگرێتەوە، جگە لەوەش دەنگیش لە فایلەکە زیاد دەکرێت. بەو پرۆگرامە دەتوانی لەهەر بەشێك کە حەزت لێبێ دەقی فێرکاری زیاد بکەی. ئەو پرۆگرامە لە زۆربەی پرۆژە فێرکارییەکاندا ســوودی لێوەردەگیرێ. بەهــۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ ئەوەی ئامادەت کردووە بیخەیە ســەر ســایتەکەتان تاکو کەسانی دیکەش ســوودی لێببینن. تواناکانی پرۆگرامەکە بەکورتی: - فیلم هەڵگرتنەوە لە شاشــە.- فیلم هەڵگرتنەوە بەهۆی وێب کەمەوە.- توانای زیادکردنی دەنگ، دەق و وێنە.- بەکارهێنانی ئاسان و زۆر تایبەتمەندی دیکە...




# کاتژمێری فلاش میمۆری



ئــەو کاتژمێــرەی کــە وێنەکــەی دیــارە، فلاش میمۆریــە و دەتوانــدرێ تاکو چوار گیگابایت داتا لــە خۆیدا خــەزن بکات. کاتژمێرەکــە بەرهەمی وڵاتــی ژاپۆنــە و دژە ئــاو و دژە زەربەیە.



# ماوسە سیحریـــــ



کۆمپانیای ئەپڵ هەردەم لە نوێگەریدایە، مەبەست لە دەربڕینی ئەو رستەیە ئەوە نییە کە ریکلام بۆ کۆمپانیای ناوبراو بکرێ، بەڵام بەپێی ئەو ئامێر وسیســـتەمانەی بەرهەمی هێناون، ئەم راستییە دەرکەوتووە. وەك مۆبایلی Iphone و ئامێــری apad و کۆمپیوتەری جــۆری mac و چەندین ئامێری دیکە کە لە ریزی ئامێرە گرنگەکانی سەردەم دەژمێردرێن. لەم دواییانەدا کۆمپانیای ئەپڵ ماوسی magic mouseی بەرهەم هێنا، کە یەکەمین ماوسی چەند لەمسی جیهانە و باشترین






# ناساندنی سایتی
## www.youconvertit.com

فایلەکانی دەنگ و رەنگ گرفتێکی سەرەکی کە هەیانە ئەوەیە کە هەموویان بە یەك فۆرمات خەزن نەکراون، هەربۆیە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو فایلانە پێویستە پرۆگرامی تایبەت بەخۆی هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر بتهەوێ کلیپێکی فیلم بۆ سەر مۆبایل ئامادە بکەی، بەهۆی ئەوەی کە فۆرماتی کۆمپیوتەر و مۆبایل وەك یەك نییە، پێویستە بە فۆرماتێك ئامادەی بکەی کە مۆبایلەکە پشتیوانی لێبکا، بەمەبەستی گۆڕینی فۆرماتێکی فیلم لە فۆرماتێکەوە بۆ فۆرماتێکی دیکە گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکەن، بەڵام گەر کۆمپیوتەرەکەت ئەو پرۆگرامانەی لەسەر نەبوو، لەکاتێکی وادا سایتی www.youconvertit.com باشترین یارمەتیدەرە. ئەو سایتە دەتوانێ لە یەك کاتدا 5 فایل پێکەوە فۆرماتەکەی بگۆڕێ. جگە لەوەش ئەرکی گۆڕینی فایلەکانی ئۆفیسیش جێبەجێ دەکا، هەروەها گۆڕینی فۆرماتێکی وێنەش یەکێك لە ئەرکەکانییەتی. تەنانەت دەکرێ لەو سایتە بۆ دابەزاندنی فایلی ڤیدیۆیش سوود وەربگری. پاش ئەوەی فۆرماتەکانی گۆڕی راستەوخۆ بۆ ئیمێلەکەتی بەرێ دەکاتەوە.

# ـــیەکەی ئەپڵ



ماوسە کە ئەوکۆمپانیایە تاکو ئێستا بەرهەمی هێنابێ. چوارچێوەی ئەو ماوسە بە پلاستێکی رەنگ سپی داپۆشراوە، پلاستیکەکە هەم کاری دوگمەی لای چەپ و هەم راست ئەنجام دەدا. گرنگترین تایبەتمەندی کە ئەو ماوسە لەو ماوسەکانی جیهان جیا دەکاتەوە، دوگمەی سکرۆلی ماوسەکەیە و هەروەها دوگمەکانی راست و چەپیەتی.





# کۆمپیوتەر لە چەند ساڵی داهاتوودا

رەنگە ئەوەی ئەمڕۆ بە خەیاڵی دابنێین، سبەی ببێتە راستەقینە، هەروەك ئەوەی کە پێشتریش زۆر شتمان بە خەیاڵ دادەنا کەچی ئێستا وەك واقیعێك دەبینین. گەر ئاوڕێکی خێرا بە مێژووی کۆمپیوتەر بدەینەوە و تەنانەت زۆریش بۆ دواوە نەگەڕێینەوە، دەبینین تاکو سەرەتای ساڵی 2000 کۆمپیوتەرەکان هەموویان قەبارەیان گەورە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کێشێکی زۆریان هەبوو و کارایشیان بەبەراورد بە کۆمپیوتەر ئێستا زۆر لە خوارێ بوو. لەو چەند ساڵەدا لەگەڵ ئەوەیدا قەبارەی کۆمپیوتەر بچووك کراوەتەوە، توانایی کۆمپیۆتەر زیاتر براوەتە سەر، دەکرێ بڵێین کۆمپیوتەر ئێستا لەگەڵ کۆمپیوتەری رابردوو بەراورد ناکرێت. ئەوەی کۆمپیوتەری داهاتووش بەم شێوەیە نییە کە ئێستا دەیبینین. سەیری ئەم چەند وێنەیە بکەن کە رەنگە چەند ساڵی دیکە وەك کۆمپیوتەری داهاتوو بکەوێتە بازاڕەوە.



